# دیاریکردنی تەمەنی دار



*Foto: Mbucha4 Flickr*

کاتێک دارەکان گەورەدەبن، ئەڵقە لەناو قەدەکانیاندا دروست دەبێت، کە بەئەڵقەی ساڵانە ناوزەد دەکرێت. ساڵانە لە دارێکدا یەک ئەڵقە دروست دەبێت. ژمارەی ئەو ئەڵقانە تەمەنی دارەکەمان پێشان دەدات. کاتێک بەناو دارستانێکدا گوزەردەکەین زۆر جار هەوڵمان داوە ژمارەی ئەو ئەڵقانە لە بنە دارێکدا هەژمار بکەین.

دیارە ئەستەمە ژمارەی ئەو ئەڵقانەی دارێک هەژمار بکەین، کە هێشتا دەستی تەور و مشاری پێنەگەیشتووە. لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە بۆ دۆزینەوەی ژمارەی ئەڵقەکانی ناو قەدی دارێک شەپۆلی سەروو دەنگی (ئولترالید) بەکاردەهێنن. ئەم ئامێرە شەپۆلی دەنگی دەنێرێتە ناو قەدی دارەکە و بەرکەوتەی دەبێت بە ژمارەی ئەڵقەکان و لەشێوەی دەنگ دەگاتەوە سەر شاشەی ئامێرەکە. ئەم ڕێگایە تێچووی زۆرە، هەر بۆیە بەکارهێنانیشی کەمترە.

دروستکردنی کون لە قەدی داردا ڕێگەیەکی ئاسان و پراکتیکییە بۆ زانینی تەمەنی دارێک، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی کونێک کە لەڕووی قەدی دەرەوە بۆ کرۆکی ناوەوە درێژدەبێتەوە، بەمەش دەتوانین نموونەیەکمان دەستکەوێت کە ژمارەی ئەڵقەکان پیشان دەدات.

بەمەبەستی پاراستنی دارەکەش لە کەڕوو کردن و خراپبوون شوێنە کونکراوەکەی قەدی دارەکەش بە نموونەکە پڕدەکرێتەوە.

لە هەندێک داری تایبەتدا وەک داری گران، تەمەنی دارەکە بەژمارەی لقەکانی کە دروستی دەکات دیاری دەکریت، ژمارەی لقەکانی داری گران لە نێوان چل هەتا پەنجا لقدایە، لە داری گرانی گەنجیشدا ژمارەی گۆپکەکان نیشانەی ژمارەی لقەکانە.

دەستنیشانکردنی تەمەنی دار گرنگە لە پاراستنی دارستانەکان بەوەی کە کاتی بڕینی دارەکان دەستنیشان دەکرێت بۆ مەبەستی بەکارهێنان و پاراستنی دارەکانی تر لە نەخۆشی و کردنەوەی بواری گەشەی زیاتر بۆ دارە گەنجەکان و پاراستنی تەمەنیان. بەم شێوەیە دەتوانین سامانی نەتەوەیی هەر وڵاتێک بپارێزرین، هەروەها ژینگەی وڵاتەکە بۆ مرۆڤ و زیندەوەرەکانی تر پاکتر و ئاسانتربێت.

# دیاریکردنی تەمەنی دار

## ئەرکی یەکەم

دوای خوێندنەوەی بابەتەکە ، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

١- لە ماوەی ساڵێکدا چەند ئەڵقە لەناو قەدی دارێکدا دروست دەبێت؟

٢- چۆن تەمەنی دارێک دەستنیشان دەکەیت؟

٣- بۆچی گرنگە بزانین تەمەنی دارێک چەند ساڵە؟

٤- ئایا رێگەی تر هەیە بۆ دەستنیشانکردنی تەمەنی دارێک، وەک چۆن تەمەنی کۆرپەلە لە ناو سکی دایکدا دیاری دەکرێت؟

## ئەرکی دووهەم

هەوڵ بدە بە یارمەتی بەکارهێنانی فەرهەنگی وشە یان پرسیارکردن مانای ئەم وشە کوردییانە بە زمانی نەرویجی بنووسیت:

- وشەی کوردی = مانای بە نەرویجی
- قەد =
- لق =
- گۆپکە =
- ژینگە =
- شەپۆلی سەروو دەنگ (ئولترالید) =
- شەپۆل =
- کەڕوو =

## ئەرکی سێهەم

وێنەی دارێک بکێشە، پاشان بەشەکانی لەسەر دیاری بکە: